ژن لەکۆمەڵگەی کوردیدا

ئاری لوقمان

ژن وەك مرۆڤێك هەوڵدەدات و کارده کاتو دەچەوسێتە وەو بەشداره لەکەڵ تەواوی ئیش و ئازارە کۆمەڵایەتیەکان، لە کۆمەڵگای کوردیدا وەك مرۆڤێك خاوەنی راوبۆچوونی سەربەست و وێناکردنی سەرئەنجامی ژیانی خۆیەتی.
لەراستیدا تاهەنوکە دیاردەی ئەو بنەماو بنچینە کۆمەڵایەتیانەی کەژنی کورد وەکو پاشماوەی رژێمی دەربەگایەتی ماونەتەوە .
تەنگوچەلەمەو گیرو گرفتی پێشنەکەوتنی ژن بە تایبەت ژنی لادێ لە کۆمەڵگای کوردیدا لە ئێستا دا لە لایەنی روناکبیری و رامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابوریەوە وێنایەکی مەترسیداره لەبەردەم رێگای سەربەستی هاوچەرخانەی تەواوی کۆمەڵدا کارتێکەری سەرەکیەو هەموو ئەوانەو کومەڵ دوا ئەخات ...

ژن هەرچۆنێك بێ لەهەرلایەك بێت بەشێکی گرنگ و پێویستی ئەوکۆمەڵیەو لێی جودانابێتەوەو تەواو تێکەڵ بەژان و ئازارو تەواوی جۆرە هەلسوکەوتوو جموجۆڵێکی ژیانێتی

لە بەرئەوە دۆخی دواکەوتنو مانەوەی مەسەلەی مافی رەوای ژن ژیان بەمەسەلەی بە رەوپێش چوونی کومەڵ ئەگەیەنێت لەبەر ئەوە گرنگ وپێویستە ژن لەهەموو بارودۆخێکدا لەرووی تیۆری و پراکتیك ومافەوە سەربەست و پشکی خۆی بدرێتی. بوئەوەی گۆرانێکی ڕیشەیی لەناخی ناخی کومەڵدا بەر پابێت دەبێت ژن ببێتە پارسەنگو لایەنێکی گرنکی مەسەلەی ئەورزگاربونە گشت گیریەی تێکرای کومەڵ کە لە بوارەکانی رامیاری و ئابوری و کۆمەلایەتی و رونـاك بیری ئەی گریتەوە، چونکە ئاراستەی پاشخستن و بەدواکەوتویی مانەوەی ژن لەهەرکومەڵێکدا رێبازیکی ژیان بەخشانەو پێچەوانەی بیروباوەری سەردەمیانەو دیموکراتیانەیە .
ژنی کۆمەڵگای کوردی ئەمرۆمان هێشتا زۆرینەیان پابەندی پاشماوەی ئەورێبازەفیکریەو نەریتە کۆمەلایەتیە دواکەوتوو کونانەن کەزۆر دورە لە گیانی نەتەوەپەرستی و کارکردنی سەربەستانەو پراکتیزەکردنی داواو پێداویستیە گرنگەکانی گۆران کاری کومەڵ .
ژن هەرچۆنێك بێ لەهەرلایەك بێت بەشێکی گرنگ و پێویستی ئەوکۆمەڵیەو لێی جودانابێتەوەو تەواو تێکەڵ بەژان و ئازارو تەواوی جۆرە هەلسوکەوتوو جموجۆڵێکی ژیانێتی لەزۆربەی کاتە کانیش دا ژنی کورد دەری خستووە لەهەوڵ و زرنگیو دەسەلات وفەرمان رەوایی نیشتیمان پەروەری و خوێنەواری لەئاستی پیاواندابووە. نمونەی ژنانی ناوداری کورد کەبوونەتە لایەرەیەکی پرشانازی مێژوو(قەدەم خیر،قەرەفاتم)دووسەرکردەی هەلکەوتوی ژنن ئازاو بە جەرگ و ناوداری رۆژهەلاتی کوردستان و باکوری کوردستان بوون (خانزادخاتون)شاژنێکی ژیرو رۆشنبیرو بەزەبرو زەنگ بووە لەخاکی سۆران لەناوچەی هەلەبجەدا.(حەپسەخانی نەفیب)پێشەواو سەرکردەی هەموو ژنانی سلێمانی بووە لەخواناسی و پاکی و نشتیمانپەروەریدا زۆربەی پیاوە هەلکەوتووەکان راوێژیان پێکردزوەو وتەکانی بەهەند وەرگیراوە لەساڵی ١٩٣٠کومەلەی ژنانی دامەزراند لەسلیمانیدا زورینەیانی راپیچ کرد بوخویندنو بەرەپیش بردنی لەکارو باری کوردایەتیدا لەگەل پیاوەدلیرەکانی ئەوی روژی شان بەشانی ئەوان داوای مافی گەلی کوردی لە(کومەلەی گەلان)کرد.

ئـافرەت و کۆمەڵگەکـان

فازل عەباس

لەکۆمەڵگا پیاسالاریەکاندا ترس لەرەگەزی مێ یاخود ئافرەت شتێکی ئاسایی‌و سروشتی بوو، کۆمەڵگایەك کە رەگەزی نێر دەستی بەسەردا دەگرێت وەکۆنترۆڵی دەکات‌و رۆڵی سەرەکی تیادا دەبینێت لەبەرژەوەندی ئەوی ونێردا نییە کەستایشی رەگەزی مێ یاخود ئافرەت بکات.
هەرلەبەرئەوە ترس لەئافرەت خەسڵەتێکی ئاشکرای زۆربەی کولتوری ئەو کولتورانە لەئاست ئەو رەگەزەدا واتە ئافرەت دووفاقن، چونکە لەگەڵ ئەوەی کە زۆربەی کۆمەڵو کۆمەڵگاکانی جیهان رۆڵی مێینەیان ئایدیالیزە کردووە وەك خواوەند پەرستویانن‌و ستایشی دایکایەتیان کردووەو بەهەشتیان خستۆتە ژێر پێیەکانیانەوە ئەوە لەزۆربەی کولتورەکاندا ترس‌و نەفرەتکردن لەئافرەت دوو دیاردەی بەرچاوو دیارن لەلای زۆربەی گەلانەوە ئافرەت وەك بونەوەرێکی پڕ (رازو نهێنی) ئەفسون خراوەتە روو. لەوجۆرە کۆمەڵگایانە بەوجۆرە بیر لەرەگەزی مێینە دەکرێتەوە.
کەبوونەوەرێکە پەیوەندی هەیە بەدونیای (غەیبە)وە تەنانەت هەندێك لەگەلان رۆڵی نێرینەیان لەسکپڕبوونی ئافرەتدا رەتکردۆتەوە، واتە لەوبروایە دانین کەلەئەنجامی جوتبوونی ئەو دوو رەگەزە واتە (نێرومێ)دا بێتە هۆی سکپڕبوونی ئافرەت جالێرەدا دەتوانین بڵێین سەرهەڵدانی خۆشەویستی لەنێوان ئەو دوورەگەزەدا وەك لەپەیوەندی کۆمەلایەتی پەیوەندییەکی پتەوی هەیە بەو هەڵومەرج‌و بەهایانەوە کەوا لەرێگایانەوە کۆمەڵگا پێناسەی خۆی بۆ رەگەزی مێ یاخود ئافرەت دادەرێژێت.
جا ئەگەر ئەو هەڵومەرج‌و بەهایانە لاوازو سست بوو، ئەوا رەنگدانەوەشیان دەبێت لەبواری پەیوەندییە سۆزدارییەکانی مرۆڤداو نابێت چاوەڕوانیمان لەو کۆمەڵگایە ئەوە بێت کەخۆشەویستی تیایدا ببێتە دیاردەیەك. بەرووێکی دی رێژەی ئەو بەهایەی کۆمەڵگا بۆ ئافرەتی دادەنێت ئەوە دەستنیشانی رێژەی خۆشەویستی دەکات لەو کۆمەڵگایەدا بێگومان لێرەدا دەتوانین لەرووی مێژوویەوە چەند راستیەك لەتێڕوانینمان بۆ کۆمەڵگاکان تێبگەین بەتایبەتی کۆمەڵگاکانی چینی کۆن‌و یۆنانی کۆن.
کاتێك ئەسینا پایتەختی کولتوری‌و نمونەی دەوڵەتشارێکی دیموکراتی‌و روشنگەری یونان بوو، دەتوانین بڵێین شارێك بوو بۆپیاوان گۆڕەپانی باخچەکانی شار شوێنێك بوون بۆ کۆبوونەوەی مشتومڕی پیاوان‌و بۆ ئافرەتانیش تەنیا کوڕجی ماڵەوە بوو. دیارە ئەوکات ئافرەتان لەو شاگردانە دەچوون کەئامادە دەکران بۆ راپەراندنی ئەرکەکانی ناوماڵ‌و دایکایەتی و لە دواجاریشیدا پیاوان بەسەر ژنەکانیان‌و بریار دەرو خاوەن رابوون. لەتێڕوانینی فەلسەفی فەیلەسوفەکانی ئەو سەردەمەشدا واتە یۆنانی کۆن کەئەوانیش (ئەفلاتون‌و ئەرستۆ) بوون ئەوان واتە ئەفلاتون‌و ئەرستۆ کاتێك دەهاتنە سەرباسکردنی رۆڵ‌و پێگەی ئافرەتان ئەوا ئافرەتیان لەرێزی کۆیلەو بێگانەکان دادەنا. تەنانەت ئەرستۆ لەتێڕوانینە سیاسیەکانیشدا لەئەفلاتوون دواکەوتووتر بووە، بڕوای بەیەکسانی نێوان ژن‌و پیاو نەبووە، رێگاش نادات ئافرەت پێینایە نێو گۆڕەپانی سیاسییەوە شان بەشانی پیاو کاری سیاسی بکات، چونکە بەرای ئەرستۆ ئافرەت کەمتر هۆشی پێدراوە لەپیاو لەوبارەیەوەش کتێبەکەی ئەرستۆ کەناوی (سیاسەتە)ە یەکێکە لەشەفقاترین بەرهەمەکانی ئەرستۆ بەڵگەی زۆر دەخاتە روو کەدەردەکەوێت کەئەرستۆ چەند دژە مافی ئافرەتە. جائەگەر لەرووی هزری فەلسەفەییدا رەگەزی ئافرەت بەوشێوەیە هەڵسەنگینرا بێت ئەوا لەئاستی کولتوری‌و رۆشنبیری و کۆمەلایەتیدا باشتر نەبووەو وەئەویش رەنگدانەوەی خۆی هەبوو لەسەر پەیوەندییە سۆزدارییەکاندا. لەکتێبی بنەڕەتی خێزان‌و مولکایەتی تایبەت‌و دەوڵەت، باسی بارودۆخی ئافرەتانی لەکۆمەڵگای ئەسینادا کردوە، وێنەیەکی روونمان لەسەر ئەو بەپەراوێز کردنەی ئافرەت دەخاتە بەردەست، ئەنگلز لەبارەی کچانی ئەسیناوە دەڵێ ئەوان تەنیا کاری رستن‌و چنین‌و دورمان فێردەبوون و لەباشترین هەڵومەرجیشدا کەمێك خوێندن‌و نوسین. بەشێوەیەکی گشتی ئەوان واتا ئافرەتان لاتەریك دەکرێن‌و تەنیا لەگەڵ ئافرەتانی دیکە تێکەڵ دەبوون. شوێنی ژیانی ئافرەتان بەشێکی جیاکراوەو دیاریکراوی ماڵ بوو لەنهۆمی سەرەوە یاخود بەشی دواوەی ماڵ، کە پیاوان بەئاسانی رێیان نەدەبردەوە سەر، بەتایبەتیش بێگانەکان کاتێك پیاوانی میوان دەهاتن ئەوێ ئافرەتان دەبوایە بچێتە ئەوبەشەی ماڵەوە دەستبە سەربوون، لەدرێژەی ئەوباسەدا ئەنگلز دەڵێ: دەبوایە ئافرەت لەئەسینا کۆیلەیەکی لەگەڵدا بێت، تاوەکو بچێتە دەرەوەی ماڵ. ئافرەت بەلای ئەسینایەکان زیاتر لەوەی وەك خزمەتکارێك وابوو شتێکی تر نەبووە، هەربۆیە پیاوانی یۆنان شەرمییان دەکرد خۆشەویستی خۆیان بۆ هاوسەرەکانیان دەربڕن.
لەلایەکی دیکەوە هێنری لۆکاسی سەبارەت بەئافرەت لەیۆنانی کۆندا دەڵێ ئەسینا زیاتر ژینگەیەکی پیاوان بوو ئافرەتان لەژیانی هاوبەشدا شوێنێکی کەمیان هەبوو. شوێنی واقیعیانەی ئافرەتان لەماڵەوە بوو دایکان کاروباری ماڵ‌و گۆرانی گوتنیان فێری کچەکانیان دەکردن‌و ئامادەیان دەکردن بۆ گرتنە ئەستۆی تەواوی ئەرکەکانی ماڵداری.
جالێرەدا بۆمان دەردەکەوێت دەتوانین بڵێین هەرچەندە یۆنانییەکان لەئاستی هزری‌و سیستەمی کۆمەلایەتی‌و سیاسیدا پێشەنگی میللەتانی هاوسەردەمی خۆیان بوون‌و لەمێژووشدا بوونە کۆمەڵگایەکی نموونەیی، کەچی بزووتنەوەی رۆشنگەری یۆنانی نەیتوانی لەمەسەلەی تێڕوانیندا بۆ ئافرەت خۆی لەچوارچێوەی باوکسالارییدا رزگار بکات. لەروانگەی کۆمەڵگەی چینی کۆنەوە گۆرانی وەرزەکانی ساڵ پەیوندییەکی پتەویان هەیە بەهەردوو رەگەزی نێرو مێوە. ئەوان واتە چینییەکان ساڵیان بەسەر دووچیندا دابەشکردووە کەیەکێکیان ناوی وەرزی (نێرینە)و ئەویتریشیان وەرزی (مێیە) بوو.
وەرزی نێرینە وەرزی چالاکی کردارو چاندنی کشتوکاڵ و سەردەمی روناکی بوو، لەکاتێکدا وەرزی مێینە وەرزی پەرچەکردارو ناخۆشی‌و تەم‌و تاریکایی بوو..!

دەتوانین ئەو بیروباوەرەی چینییەکان سەبارەت بەهەردوو رەگەزی مێ‌و نێر بەزۆر مان لێکبدەینەوە، بەڵام رەنگە هۆکاری سەرەکی ناونانی وەرزی مێینە بەوەرزی تاریکی‌و تەم، هەمان ئەو بڕواو ترسە بێت کەلەزۆربەی کۆمەڵگا کۆن‌و سەرەتاییەکان لەئاست ئافرەتدا دەبینراو بەدی دەکرا لەبنەماشدا ترسێکی نێر یاخود پیاو سالارانەیە ئەوەش بەوەی کە ئافرەت خاوەنی هێزێکی ئەفسوناوییەو لەبەرامبەر پیاودا جێگەی مەترسییە.
لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی ئەو بیروڕایەش لەرۆژگاری کۆنی ژیانی کۆمەڵگاکاندا پیاو ئافرەت بەخاوەن هێزێکی ئەفسوناوی‌و یان سروشتی دەزانی‌و لەوباوەردابوو ئافرەت دایك کاریگەرییەکی ئەفسوناوی هەیە لەسەر مرۆڤ، هەربۆیە پیاو ئافرەتی لەپێگەی خواوەند دەپەرست‌و هەر بەو هۆیەشەوە لێی دەترسا.
بێگومان ئەو تێڕوانینە بۆ رەگەزی مێ یاخود ئافرەت بواری ئەوە ناهێڵێتەوە تاخۆشەویستی‌و ئەڤینی لەگەڵدا بکرێ، چونکە ئافرەت ئەو هێزەیە کاتێ بەدوایەوە دەبین دەمانباتە بۆسەرەتایەك کەجگە لەتاریکایی هیچ شتێکی دیکەی تیادا نییە بەو پێیەش لەرێگەی ترس لەمێینەییەوە وێنەیەکی ئەفسوناوی لەسەر ئافرەت بینا دەکرێت‌و لەئەنجامی ئەوەشدا ترس لەئەڤینی مرۆڤ بۆ مرۆڤ پەردەدەستێنێ، بۆیەش بەدەرکەوتن‌و سەرهەڵدانی خۆشەویستی وەك جۆری لەپەیوەندی کۆمەلایەتی پەیوەندییەکی پتەوی هەیە بەو هەڵومەرجەو بەهایانەوە کەلەرێگایانەوە کۆمەڵگە پێناسەی خۆی بۆ ئافرەتان دادەرێژێت جا ئەگەر ئەو هەڵومەرجەو بەهایانە لاوازبوون، ئەوا رەنگدانەوەشیان دەبێت لەبواری پەیوەندییە سۆزدارییەکانی مرۆڤ‌و نابێت چاوەڕوانیان لەو کۆمەڵگایە ئەوەبێت کەخۆشەویستی تیایدا ببێتە دیاردەیەك..

لەئەفلاتوون دواکەوتووتر بووە، بڕوای بەیەکسانی نێوان ژن‌و پیاو نەبووە، رێگاش نادات ئافرەت پێینایە نێو گۆڕەپانی سیاسییەوە شان بەشانی پیاو کاری سیاسی بکات، چونکە بەرای ئەرستۆ ئافرەت کەمتر هۆشی پێدراوە لەپیاو لەوبارەیەوەش کتێبەکەی ئەرستۆ کەناوی (سیاسەتە)ە یەکێکە لەشەفقاترین بەرهەمەکانی ئەرستۆ بەڵگەی زۆر دەخاتە روو کەدەردەکەوێت کەئەرستۆ چەند دژە مافی ئافرەتە. جائەگەر لەرووی هزری فەلسەفەییدا رەگەزی ئافرەت بەوشێوەیە هەڵسەنگینرا بێت ئەوا لەئاستی کولتوری‌و رۆشنبیری و کۆمەلایەتیدا باشتر نەبووەو وەئەویش رەنگدانەوەی خۆی هەبوو لەسەر پەیوەندییە سۆزدارییەکاندا. لەکتێبی بنەڕەتی خێزان‌و مولکایەتی تایبەت‌و دەوڵەت، باسی بارودۆخی ئافرەتانی لەکۆمەڵگای ئەسینادا کردوە، وێنەیەکی روونمان لەسەر ئەو بەپەراوێز کردنەی ئافرەت دەخاتە بەردەست، ئەنگلز لەبارەی کچانی ئەسیناوە دەڵێ ئەوان تەنیا کاری رستن‌و چنین‌و دورمان فێردەبوون و لەباشترین هەڵومەرجیشدا کەمێك خوێندن‌و نوسین. بەشێوەیەکی گشتی ئەوان واتا ئافرەتان لاتەریك دەکرێن‌و تەنیا لەگەڵ ئافرەتانی دیکە تێکەڵ دەبوون. شوێنی ژیانی ئافرەتان بەشێکی جیاکراوەو دیاریکراوی ماڵ بوو لەنهۆمی سەرەوە یاخود بەشی دواوەی ماڵ، کە پیاوان بەئاسانی رێیان نەدەبردەوە سەر، بەتایبەتیش بێگانەکان کاتێك پیاوانی میوان دەهاتن ئەوێ ئافرەتان دەبوایە بچێتە ئەوبەشەی ماڵەوە دەستبە سەربوون، لەدرێژەی ئەوباسەدا ئەنگلز دەڵێ: دەبوایە ئافرەت لەئەسینا کۆیلەیەکی لەگەڵدا بێت، تاوەکو بچێتە دەرەوەی ماڵ. ئافرەت بەلای ئەسینایەکان زیاتر لەوەی وەك خزمەتکارێك وابوو شتێکی تر نەبووە، هەربۆیە پیاوانی یۆنان شەرمییان دەکرد خۆشەویستی خۆیان بۆ هاوسەرەکانیان دەربڕن.
لەلایەکی دیکەوە هێنری لۆکاسی سەبارەت بەئافرەت لەیۆنانی کۆندا دەڵێ ئەسینا زیاتر ژینگەیەکی پیاوان بوو ئافرەتان لەژیانی هاوبەشدا شوێنێکی کەمیان هەبوو. شوێنی واقیعیانەی ئافرەتان لەماڵەوە بوو دایکان کاروباری ماڵ‌و گۆرانی گوتنیان فێری کچەکانیان دەکردن‌و ئامادەیان دەکردن بۆ گرتنە ئەستۆی تەواوی ئەرکەکانی ماڵداری.
جالێرەدا بۆمان دەردەکەوێت دەتوانین بڵێین هەرچەندە یۆنانییەکان لەئاستی هزری‌و سیستەمی کۆمەلایەتی‌و سیاسیدا پێشەنگی میللەتانی هاوسەردەمی خۆیان بوون‌و لەمێژووشدا بوونە کۆمەڵگایەکی نموونەیی، کەچی بزووتنەوەی رۆشنگەری یۆنانی نەیتوانی لەمەسەلەی تێڕوانیندا بۆ ئافرەت خۆی لەچوارچێوەی باوکسالارییدا رزگار بکات. لەروانگەی کۆمەڵگەی چینی کۆنەوە گۆرانی وەرزەکانی ساڵ پەیوندییەکی پتەویان هەیە بەهەردوو رەگەزی نێرو مێوە. ئەوان واتە چینییەکان ساڵیان بەسەر دووچیندا دابەشکردووە کەیەکێکیان ناوی وەرزی (نێرینە)و ئەویتریشیان وەرزی (مێیە) بوو.
وەرزی نێرینە وەرزی چالاکی کردارو چاندنی کشتوکاڵ و سەردەمی روناکی بوو، لەکاتێکدا وەرزی مێینە وەرزی پەرچەکردارو ناخۆشی‌و تەم‌و تاریکایی بوو..!

زۆربەی کۆمەڵو کۆمەڵگاکانی جیهان رۆڵی مێینەیان ئایدیالیزە کردووە وەك خواوەند پەرستویانن و ستایشی دایکایەتیان کردووە.

+ ئەرستۆ لەتێڕوانینە سیاسیەکانیشدا لەئەفلاتوون دواکەوتووتر بووە، بڕوای بەیەکسانی نێوان ژن‌و پیاو نەبووە، رێگاش نادات ئافرەت پێینایە نێو گۆڕەپانی سیاسییەوە شان بەشانی پیاو کاری سیاسی بکات.

پەروەردە و ستاتیکا

تێڕامانێك لە وانەی پەروەردەی هونەری

شوان جەلال

بێگومان هونەر هەر لەبەرە بەیانی ژیانی کۆمەلایەتییەوە کایەکی دابڕاو نەبووە لە مرۆڤ، مێژووی ئاشنابوونی هونەر و ستاتیکا لە گریك و ئەسینای کۆن دەست پێناکات، بەڵکو مێژووی ئاشنا بوونی مرۆڤ بەهونەر دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ژیانی کۆمەلایەتی و گریکەکان و ئەسینای کۆن و پەرەیان بە هونەردا، هەنوکە، هونەر تەنها برتیی نیە لە چالاکیەکی ستاتیکی مرۆیی، بگرە ئەمرۆ هونەر زانست و پیشەسازییە. ئەمەوێ بڵێم: هونەر لە ئەمرۆدا ناکرێت لە کایەکانی دی وەکو سیاسەت و ئابووری کەمتر لێی بڕوانین و بەگرنگی نەزانین.
دیارە چەندین ساڵە لەنێو قوتابخانە و خوێندگاکانی ئێمە وانەیەکمان هەیە بەنێوی وانەی (پەروەردەی هونەری)ـەوە. هەڵبەتە تاوەکو ئێستاش ئەو وانەیە چەشنی وانەکانی دیکە تەماشا و ماڵەی لەگەڵ ناکرێت. وانەی پەروەردەی هونەری تاکو ئەم ساتی نوسینی ئەم وتارە مێتود (منهج)ی یاخود پرۆگرامی نییە لەقۆناغی بنەڕەتییەوە تاوەکو دوا پۆلی قۆناغی ئامادەیی، کەئەمەش کەلێن و کەموکوڕیەکی گەورەیە، ناکرێت وانەیەکی گرنگ بەبێ مێتۆد و پرۆگرام بێمنێتەوە و پێویستە لەسەر وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم ئەو کەموکوڕی و کەلێنە چارەسەر بکات. نەبوونی مێتۆد بۆ وانەی هونەری لەخوێندگاکاندا والەمامۆستای وانەی ناوبراو دەکات کە نەزانێت چ بەقوتابی بڵێتەوە؟ مامۆستای وانەی پەروەردەی هونەری حەقی خۆیەتی بپرسێت من دەچمە پۆلەوە لەسەرەتای ساڵەوە بەپێی چ مێتۆد و پرۆگرامێك و کام رێبەر وانە بڵێمەوە؟، ئەی مامۆستای پەروەردەی هونەری کاتێك هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت بەبێ بونی پرۆگرامێك بۆ وانەکەی، لەسەر چ بنەمایەك هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت؟.
جیگای خۆشحاڵیە ماوەی چەند ساڵێکە پرسی پەروەردە لە هەرێمی ئێمەدا بووەتە جێگای باس و گفتگۆ و پرسیار و چاودێری گەورەی لە بارەوە دەکرێ، هەندێ هەنگاوی پراکتیکی شیاو لە گۆڕینی سیستەمی پەروەردەییمان نراوە. من لە کات و جێگای تردا نوسیومە، بەپێویستی دەزانم لێرەشدا جەختی لەسەر بکەمەوە بڕوام وایە ئێمە وەك کۆمەڵگایەك ئەگەر بمانەوێ خۆمان بگۆڕین بەرەو ئاراستەیەکی چاکتر، سەردەمیانە، ئەوا گۆڕینی سیستەمی پەروەردەییمان دەستپێك، یان بەلای کەمەوە وێستگەیەکی گەورە و گرنگە لەو گۆڕانە.
باوەڕم وایە وەزارەتی پەروەردەی ئێمە دەتوانێت سودو کۆمەکی گەورە لە وانەی پەروەردەی هونەری وەربگرێت و بیخاتە خزمەتی سیستەمی نوێی پەروەردەوە. من هەوڵدەدەم لە رێگەی چەند نمونەیەك ئەو پەرەگرافەی سەرەوە روون بکەمە زۆرجار گوێم لەکاربەدەستانی وەزارەتی پەروەردەوە باسیان لەوە کردووە یەکێك ئامانجەکانی گۆڕینی سیستەمی پەروەردە خۆشەویستکردنی خوێندنگایە لەلای قوتابی. خۆشەویست کردنی خوێندنگا کارێکی دروستە و پراکتیزە بوونی خزمەتێکی گەورە بەپرۆسەی خوێندن لەکوردستان دەکات. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە چ ئامرازێك گیراوەتەوە بەر بۆ خۆشەویست کردنی خوێندنگا لەلای قوتابی؟ هەڵبەتە من نامەوێ لەو رێوشوێنانە کەم بکەمەوە کە وەزارەت گرتوویەتیە بەر چ لەقەدەغەکردنی لێدان و ئازاری دەروونی منداڵان و شکانی هەستیان، کۆمەڵێك رێوشوێنی تر، کە هەریەك گرنگی و سودمەندی خۆیان هەیە، بەڵام گەر ئێمە بتوانین لەنێو قوتابخانەکانمان وانەی پەروەردەی هونەری بەشێوەیەکی تۆکمە کارا بکەین، ئەوا لەپاڵ رێوشوینەکانی دی وانەی هونەر میکانیزم و ئامرازێکی گرنگە بۆ خۆشەویست کردنی خوێندنگا لەلای قوتابی، چۆن؟.بۆنمونە مامۆستایەکی پەروەردەی هونەری لەشانۆی خوێندنگە یان گۆڕەپانەکەی چەند قوتابێکی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی دێنێت وەکو ئەکتەر شانۆییەکی بۆ قوتابیەکان (کەبینەرن) نمایش دەکات لەسەر ژیانی و بەرخودانی (شێخ مەحمودی حەفید) ، ئەم شانۆییە سەرەڕای ئەوەی چێژێکی گەورە بەقوتابی دەبەخشێت لەهەمانکاتدا سودمەندە بۆ قوتابی کەتا لەژیاندا مابێت ئەو رووداوانەی لەو شانۆیە دەیبینێت لەیادی ناچێت، ئەمە لەکاتێکدا بابەتی شانۆییەکە بابەتێکی پەروەردەیی وانەی کۆمەلایەتییە (دیارە ئەو نموونانەی سەرەوە تەنها بۆ روون کردنەوەبوو، ئەگیانی مەبەستی ئێمە پێویستە هەموو ئەو کارانەی مامۆستای هونەری ئەنجامی دەدات بە پرۆگرامێك وەك هەر وانەیەکی دی بۆی دیاری کرابێت ، یەکەکانی وانەکەی بەشێوەیەکی سیستماتیك چ لایەنی تیۆری و چ لایەنی پراکتیکی رێکخرابێت).
بیگومان ئێمە ناتوانین لەچوارچێوەی وتارێکدا بە وردی و تێر و تەسەل باس لە چۆنێتی کارا کردنی وانەی پەروەردەی هونەری بکەین، بەڵکو کاراکردنی وانەی پەروەردەی هونەری پێویستی بەپرۆژەی گەورەتر و گفتوگۆی هەمەلایەن هەیە تاوەکو پرۆگرامێکی شیاوی بۆ دابنرێت، من بەپێی ئاستی توانا و شارەزایی خۆم ئامادەییم تێدایە کار لە پرۆژەیەکی لەو چەشنە بکەم، پێموایە گرنگی دان بە هونەر و ستاتیکا و کارا کردنی وانەی هونەری لە نێو قوتابخانە چ دواخستنێك هەڵناگرێت، درەنگە، ئەمرۆ لە سبەینێ چاکترە بۆ دەستپێکردن لە پرۆژەی کاراکردنی ئەو وانەیەی کە فەلسەفەکەی ئەوەیە: قوتابی لە رێگەی هونەرەوە پەروەردە ببێت کاری بەپەلەی دەوێت.